

**ئەو لە سێ شیعردا ... هۆنراوەی شاڵاو لە سوێد**

**شیعرێک ....**

**گوڵم ئەگەر نەتزانیوە**

**دەستم بۆچی وەکو دڵم بریندارە**

**تۆش نەهاتی خوێنی چاوم بسڕیەوە**

**دوێنی لە باخی ووشەدا**

**هێشووی شیعرم دەڕنیەوە**

**هەرپێنج پەنجەی دەستی ڕاستم**

**بوون بە بریـــــــن**

**تا چەند پیتێکم بڕیەوە**

**ئەویشم کرد بە شیعرێک و**

**باڵاکەی تۆم پێ چنیەوە ....**

**شیعرم ....**

**خەمی دوو ووشەم داهێناو**

**ڕستەیەکم کرد بەباران**

ژانەکانی چەند پیتێکم هەڵدایەوەو

بڕگەیەکم کرد بەگریان

بەرگی گوڵم لە بەهار وویست

هەربۆ ئەوەی من بنووسم

ئەی خۆشەویست

شیعرم ئەگەر وەکو کانی

تەڕنەکاتن گەرووی ووشکی باڵدارەکان

شیعرم ئەگەر

وەکو باران

نەبارێتە سەرئاقاری زام وبرین

شیعرم ئەگەر

وەک تیشکی مانگ

نەبتە گەڵا بۆ خەزانێکی گوڵ وەرین

ئەوە شیعرم بۆ سێدارەو

ئەوەش ووشەم بۆ سەربڕین

****

شیعرێکی تر ...

من هۆنراوەیەکم بۆت نووسی

ووشەکانی وەکو چاوت

سەوز ڕووان

ئەوسا خەویان لێ دەباری چاوەکانت

ووشەکانێش هێدی هێدی

سەنگەریان گرت

لەسەر کانی لێوەکانت

شیعرێکم بۆ پەرچەمی تۆ

کرد بە بەیداخ

ئەویش لە نێو شۆستەکانی

شەقامی شار

گوڵیان گرت وببون بە باخ

هەرچی دانیشتووی شار هەیە

هاتنە دیار باڵای شیعری ئەرخەوانی

بۆ بەیانی

لە کەناڵی ڕادیۆیەکی ناوەخۆدا

ووشەکانم

تێکەڵ ببون بە گوڵە باخ

لەگەڵ یەکەم بەرنامەدا هاتنە خوارێ و

ببون بە یەکەم گۆرانی ...

shallaw1@hotmail.com